# پەیماناندا بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر گوێگرتن وگوێڕایەڵی كردنی كار بەدەستی موسوڵمان لە كاتی سەختی وئاسانیدا، ولە كاتی خۆشی وناخۆشیدا

لە عوبادەی كوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پەیماناندا بە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لەسەر گوێگرتن وگوێڕایەڵی كردنی كار بەدەستی موسوڵمان لە كاتی سەختی وئاسانیدا، ولە كاتی خۆشی وناخۆشیدا ، وئارامگرتن لە سەر مافخواردنێک ئەگەر دەرهەقمان کرا، و لەسەر نەجەنگان دژی كاربەدەستی وڵات ، و لەسەر ووتنی هەق لە هەرشوێنێك بووین، و لەپێناو خوای گەورە ؛ لەلۆمەی هیچ لۆمەكارێك نەترسین».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەیمانی وەرگرت لەهاوەڵان بەوەی گوێڕایەڵی كاربەدەست وفەرمانڕەوای مسوڵمان بن لەكاتی هێوری وناڕەحەتی وهەژاری ودەوڵەمەندی، ئینجا یەكسانە فەرمانی كاربەدەستەكان ؛ بەپێی ئارەزوویان بێت یان پێ نەكات، تەنانەت ئەگەر ئەم فەرمانڕەوایانە مافی خەڵكی خوارد بەبردنی سامانی گشتی ویلە وپۆست وهتد، ئەوا هەر دەبێت گوێڕایەڵیان بن لەچاكەدا، ودەرنەچن دژیان چونكە فیتنە وخراپەكاری بەم دەرچوونە گەورەترە لە خراپەی ستەمكردنیان، ولەو پەیمانەی لێیانی وەرگرت ؛ قسەی هەق بڵێن ئەگەر لە هەرشوێنێك بوون ولەمەدا لەپێناو خوای گەورە لە لۆمەی هیچ لۆمەكارێك نەترسن.



النجـاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee